السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هاوڕێیەتی هیچ کەسێک مەکە جگە لە ئیماندار، وبا هیچ کەسێک لە خواردنەکەت نەخوات جگە لە تەقوادار

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هاوڕێیەتی هیچ کەسێک مەکە جگە لە ئیماندار، وبا هیچ کەسێک لە خواردنەکەت نەخوات جگە لە تەقوادار».
[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕێنموێنی مسوڵمان دەکات بەوەی کە واجبە لە هەموو حاڵەتێکدا هاوڕێیەتی کەسی چاک بکات، وئامۆژگاریکردنی تێدایە بە هاوڕێیەتی کردنی ئیمانداران ئەمیش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە هاوڕێیەتی کافر ومونافیقەکان؛ چونکە هاوڕێیەتی کردنی بێباوەڕ ومونافیقەکان زیان لە دینداری دەدات. وزیاتر جەختکراوەتەوە لەسەر هاوڕێیەتی ئیماندار کە دەفەرموێت: (وبا هیچ کەسێک لە خواردنەکەت نەخوات جگە لە تەقوادار): واتا ئەو کەسەی لە خودا دەترسێت وخۆی لە حەرامەکان دەپارێزێت وئەو خواردنەی دەیخوات وزەکەی لە پەرستنی خودا بەکاردێنێت، وئەمیش ئامادەکردنی جۆرەکانی تری خواردن دەگرێتەوە وەکو وەلیمە وگوێزەبانە وهەر داوەت کردنێکی تر، بۆیە پێویستە مسوڵمان سوور بێت لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی بانگهێشتیان دەکات کەسانی چاک وئیماندار بن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3474

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee